Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.13 21:39:20 +01'00'

# سەردانی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان



سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ٢٧٠٣ی کوردی، ١١ی ژانویەی ٢٠٠٤، هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک ئەنوەر محەممەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد و بەگەرمی لە لایان هەیئەتێکی RUKەوە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاک عەلی ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێشوازیی لێکرا.

پاش ماوەیەك پشوودان، بە ئامادە بوونی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە زمانێکی ڕۆشن و راشکاو، بۆ ڕەواندنەوە و نەهێشتنی گومان و دوودڵی و پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە و دەسپێکردنی هاوکاریی و درێژەدان بە تێکۆشان بۆ هاوکاری، ئیئتلاف و بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی، وتووێژەکان دەستیان پێکرد و ئاکامی باشیان لێکەوتەوە.

لەسەر بابەتی پێوەندیی نێوان یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئەو کۆبوونەوەیە بە بایەخ دانرا و هەر دوولا لەسەر ئاکامی وتووێژەکان ڕەزامەندییان دەربڕی؛ بڕیار درا دیدار و کۆبوونەوە لە نێوانیاندا بەردەوام بێ و لە هەر ئاست و بەستێنێکی مومکیندا هاوکاریی یەکتر بکەن. هەیئەتی کۆمەڵە بانگهێشتی ڕێبەرایەتی RUKی کرد کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، بۆ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتی کۆمەڵە سەردانییان بکەن، کە بەڕێزەوە قبوڵ کرا.

لە پێوەندی لەگەڵ کار و تێکۆشانی ماوەی رابردووی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتیە ئازادیخوازەکانی کورد بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوکاری، ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانی، حەول و تەقەلای سەرجەم ئەو لایەنانەی بەو ئەرکەوە ماندوو بوون پڕ بایەخ نرخێندرا؛ هەر دوولا بڕیاریاندا بە لێکۆڵینەوە لە گەڵاڵەکانی یەکتر و خۆماندوو کردنی زیاتر بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. هەر لە باسی ئەم بابەتەدا، هەیئەتی RUK داوای کرد کە هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی گرینگی بەو مەسەلەیە دەدەن و پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوکاری بە پێویست دەزانن، هەرچی زووتر کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ببەستن و دیدار و وتووێژەکان لە دوولایەنیەوە بگوێزرێتەوە چەند لایەنی و گەڵاڵەیەکی هاوبەش دابڕێژرێ.

له تەوەرێکی دیکەدا سەرۆکی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران باسی له رووداوەکانی ماوەی رابردوو کرد و بە ناوی کۆمەڵەوە لەو پیلانانەی لەو ماوەیەدا بە دژی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و شەخسی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا رێکخرابوو، دڵگرانی دەربڕی؛ مەحکومی کردن و بە پیلانی وەزراەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دانان و لەسەرنەگرتنیان خۆشحاڵیی دەربڕی.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی نێوان دوو هەیئەت، باس لە بارودۆخی کوردستان، ئێران و عێراق بوو. لەم بوارەدا دید و بۆچوونەکان جیاوازییەکی ئەو تۆیان نەبوو و لەیەکتر نزیک بوون، هەر لەم بەشەدا هەڵوێستی تەحریمکردنی بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی رێژیم لە لایان هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە بە سیاسەتێکی دروست و بەجێ دانرا.

پاش ٤ سەعات باس و گفتوگۆ، هەیئەتی میوان بەرێزەوە بەرێکرا.

WWW.RUK2691.ORG
RUK2691@HOTMAIL.COM